راپۆرت

# ئاهەنگی سێنتەر كلاس

## بۆ منداڵانی كورد لە یانەی كوردی لە ئەمستردام "میدیـــــــا"



یانەی كوردی لە ئەمستردام "میدیـــــــا" هەمیشە لە بەخششی بەردەوامدا بە چالاكی جۆربەجۆر بۆ هەموو گروپ و توێژەكانی كۆمەڵگاكەمان لە هۆڵەندە بە كۆڕی زانیاری بەخشین و ئاهەنگ و گەشت و سەیران بەسەریان دەكاتەوە.

ئەمساڵیش بە بۆنەی هاتنی هاوڕێی منداڵانی دنیا مامە پیرە (سێنت نیكۆلاس) ەوە بۆ هۆڵەندە، 50 منداڵی چاوگەشی كورد لە تەمەنی یەك ساڵەوە تا 10 ساڵ، لە یانەی كوردی ئەمستردام "میدیـــا" پێشوازیەكی گەرمیان لێكرد. ئەویش یەكەیەكە، بانگی كردنە لای خۆیی قسەی لەگەڵ دەكردن و دیاری جوانی پێ دەبەخشین.

شایانی باسە مامە (سێنت نیكۆلاس) دۆستی منداڵان هەموو ساڵێك لە ناوەڕاستی مانگی 11 / ەوە لە وڵاتی ئیسپانیاوە دێتە هۆڵەندە، بۆ بەسەركردنەوە و دیاری دابەشكردن بەسەر منداڵاندا. ئەم داستانە تەنها لە وڵاتی هۆڵەندە بەم شێوەیە یاد دەكرێتەوە، وەك دەگێڕنەوە لە دێر زەمانەوە (سێنت نیكۆلاس) لە وڵاتی توركیاوە، كە شوێنی لە دایك بوونێتی، چۆتە ئیسپانیا و پیرێكی ڕیش سپی و پیرۆز و نورانییە، یارمەتی منداڵی هەژارانی داوە و لە دووكەڵكێشی ماڵە هەژارەكانەوە، دیاری جوان و خواردنی بۆ خستونەتە خوارەوە. خۆشەویستی سێنت نیكۆلاس بۆ منداڵان و منداڵان بۆ سێنت نێكۆلاس وای كردووە، ئێستاش ساڵانە یادی ئەم سەردانە بكرێتەوە، كە لە 17 / 11 ی هەموو ساڵێكدا دێتە هۆڵەندە و ڕۆژانە منداڵان بەسەر دەكاتەوە، لە ڕۆژی 5 / 12 دا كۆچی دوایی دەكات. بۆ ڕێزگرتن لەم پیرە موبارەكە. ڕۆژی مردنەكەیان كردۆتە بۆنەیەكی پیرۆز و بۆتە ئاهەنگ گێڕانێكی ئەوتۆ وەك ڕۆژی لە دایك بوونەكەی. ئەمساڵیش منداڵانی چاوگەشی كورد لە هۆڵەندە بێ بەش نەبوون لەم كەیف و خۆشییە. لە هۆڵی یانەی كوردی لە ئەمستردام "میدیـــا" لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆوە تا چوار و نیوی عەسر ئاهەنگێكی



**قەشەنگ بۆ منداڵان و بۆ مامە (سێنت نیکۆلاس) ساز کرا و سەرەتا گۆرانی ئاهەنگی سەری ساڵی تازە پێشکەش کرا و پاشان گروپی خوێندنە کوردیەکەی میدیـــا بەسەرپەرشتی مامۆستا کوێستان سەعید سرودی خوایە وەتەن ئاوکەی، منداڵێکی ساوا بووم، کەروێشك لانە و لانە. یان پێشکەش کرد، لە کتوپڕییەکیشدا سینتەر کلاس (سێنت نیکۆلاس) بە خۆیی و سێ یاوەرە ڕەشەکەیەوە (پیتەکانی) خۆی کرد بە ناو منداڵاندا و کردیان بە ئاهەنگ و گۆرانی و چەپڵە ڕێزان ڕۆژێکی پڕخۆشی و کامەرانیان بەسەر برد و هەر مناڵە و بە دیاری خۆیەوە گەڕایەوە ماڵەوە. مناڵە چاوگەشەکانی کورد لە تاراوگە لەگەڵ مامە سێنت نێکۆلاسدا باسی باپیرە کوردۆ و مامە یارە و پیرەمێردی نەمریان کردو ئەم شیعریەی (خالید مەجید فەرج) یان دا بە گوێی مامە سێنت نیکۆلاسدا:**

**بە بۆنەی سەری ساڵی نوێ و سێنتەرکلاسەوە، سێنتەرکلاسی منداڵانی کورد، لەم شیعرەدا پیرەمێردی شاعیریان بۆ بەرجەستە کرد و سلاوی کوردیان پێگەیاند و تا ساڵێکی تر خواحافیزیان لێکرد. .**

# زەنگەکان*

**شیعری: خالید مەجید فەرەج**

**زەنگەکان**

**زەنگەکان. . . .**

**لە ڕێگا لێدران**

**ئای چەند خۆشە**

**لەگەڵ پیرەمێرد گەڕان. . . !**

**لە نیوەشەودا**

**بە گالیسکەی جوان**

**دەم بە پێکەنین**

**دنیا تەی ئەکا**

**هیچ ناگرێ ووچان**

*****

**لە ئاسمان دیارن**

**ئاسکە ڕێنەکان****

**ئەکشێن بەرەو ژوور**

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

ئەم بە گۆرانی ئەڕوا لەگەڵیان. .

هـــێی

*****

زەنگەکان

زەنگەکان. . . .

لە ڕێگا لێدران

ئای چەند خۆشە

لەگەڵ پیرەمێرد گەڕان. . . !

سەرو ڕیش سپی

گوپ و لوت تەزیوو

فەقیانە سپی

پارووە کەبابی خستۆتە گیرفان. .

*****

ماڵەوماڵ ئەکا

بۆ خۆشی مناڵ

حاجی میهرەبان

باکور و باشوور

ئەبڕێ کوردستان. . .

هـــێی

****

زەنگەکان

زەنگەکان. . . .

لە ڕێگا لێدران

ئای چەند خۆشە

لەگەڵ پیرەمێرد گەڕان. . . !

بە دوکەڵکێشی ماڵان

دێنەخوار. . . .

بێ چرپە و سرپە

ئەڕۆن ئاسکەکان

داری سەری ساڵ

پڕ ئەکەن لە نوور

هەڵئەکشێنەوە. . ئەڕۆن بەرەو ژوور

****

ئەم سەری ساڵەش پیرەمێرد وا هات

تورەکەی کۆڵی پڕ دیاری و داهات

منداڵ. . . ! گوێزەر و کلۆ شەکرەکان

دانێن با بیخۆن، ئاسکە ڕێنەکان

هــێی

زەنگەکان

زەنگەکان. . . .

لە ڕێگا لێدران

ئای چەند خۆشە

لەگەڵ. . . پیرەمێرد گەڕان. . . !

---

* ئەم شیعرە ئیحاکەی لە شیعری Jingbeells ی ئینگلیزی وەرگیراوە و بە هەمان ئاواز دەوترێت.

** ئاسکە ڕێنەکان: ئەو ئاسکانەن لە دەقە ئینگلیزیەکەدا هەیە و لە وولاتی کوردەواریدا ئاسکی وامان نییە، مامۆستا کەمال جەلال غەریبیش لە فەرهەنگی گیانەوەراندا، هەر بە ئاسکەڕێنەکان دایناوەتەوە، لە شوێنە ساردەکانی وەك ولاتی ئەسکیمۆ هەن. بۆ گالیسکە ڕاکێشان بەکاردێن.

*** مەبەست حاجی تۆفیقی پیرەمێردی شاعیرە و وەك سێنتەرکلاس کراوە بە سمبولی خۆشەویستی لای منداڵان.

**** ئەم شیعرە دراوە بە مامۆستا صەلاح ڕەووف ئاوازی بۆ دانێت.



kurdistannet.org